وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی دادی دەرەکات

ژمارە (٢٧٢)ساڵی بیست و یەکەم ١٢ تشرینی یەکەم ٢٠٢١ ز. ٢٠ ڕەزبەر ٢٧٢١ کوردی ٥ ڕەبیعی یەکەم ١٤٤٣ کۆچی

272

بڕیاری ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ لا ١

دەست لە کارکێشانەوە و زیادکردنی چەند ئەندامێکی لە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ لا ٢

سپاردنی ئەرك و فەرمانی سکرتێری پەرلەمان (منی نبی نادر) بە ئەندامی پەرلەمان (بژار خالد عبدالله)

بڕیاری ژمارە (١١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ ئەنجومەنی وەزیران لا ٣

بەرکارکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنی تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی سیمکارت

ڕێنمایی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ لا ٤

ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆشتنی تۆڕاڵی ، سیمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت)

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لا ١٦

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق

وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٧٢) الحادى والعشرون ١٢ تشرين الاول ٢٠٢١م. ١٨ رەزبەر ٢٧٢١ک. ٥ ربيع الاول ١٤٤٣ هـ.

272

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

قرار رقم (٩) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان ص ٢٧

قرار رقم (١٠) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان ص ٢٨

قرار رقم (١١٠) لسنة ٢٠٢١ مجلس الوزراء ص ٢٩

اللائحة التنظمية الخاصة بالية بيع الشرائح

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية ص ٤

تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢١ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ص ١٦

No.: 272 Date: October 12, 2021 Vol.: 21

چاپخانەی شەهاب - هەولێر ٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

سعر (١٥٠٠) دينار

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

ژمارەی بڕیار: ٩

مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/٩/٧

بڕیاری

ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١

پشت بە حوکمی بڕگەی (دووەم، چوارەم، پێنجەم) لە مادەی (٢٨) و مادەی (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە رێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧ بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: قبووڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان هاتووە، لەم لیژنانەی خوارەوە:

١- (زیاد جبار محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی).

٢- (زکری احمد اسماعیل) لە ئەندامیەتی لیژنەی (شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار).

٣- (هاورێ بناء محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی (ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان).

٤- (شیرین یونس عبدالله) لە ئەندامیەتی لیژنەی (داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت).

٥- (شیرین أمین عبدالعزیز) لە و ئەندامیەتی لیژنەی (دەسپاکی).

٦- (بەڵێن اسماعیل حاجی) لە ئەندامیەتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی).

دووەم: زیادکردنی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان هاتووە، لەم لیژنانەی خوارەوە:

١- (شیرین یونس عبدالله) بۆ لیژنەی (شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار).

٢- (زکری احمد اسماعیل) بۆ لیژنەی (ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان).

٣- (بەڵێن اسماعیل حاجی) بۆ لیژنەی (دەسپاکی).

سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠٢١/٩/٧ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

د. ڕێواز فایق حسێن

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٠

مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/٩/٧

بڕیاری
ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

یەکەم: ئەرك و فەرمانی سکرتێری پەرلەمان (منی نبی نادر) تەنها بۆ بڕگەی (دووەم)ی بەرنامەی کاری ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧، بە ئەندامی پەرلەمان (بژار خالد عبدالله) دەسپێردرێت.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

د. ڕێواز فایق حسێن
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە ١١٢٣٤ لە ٢٠٢١/٩/١٦

بڕیاری ژمارە (١١٠)ی ساڵی ٢٠٢١

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (هە شتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ،و لەبەر رۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٣) لە١ /٢٠٢١/٩ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:-

یەکەم: بەرکارکردنی پەیڕەوی رێکخستنی تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی سیمکارت (اللائحة التنظيمية الخاصة بالية بيع الشرائح) لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن دەستەی فیدراڵیی ڕاگەیاندن وپەیوەندییەکان دەرچووە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ـەوە.

دووەم: ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن و ناوخۆ بۆ وەرگرتنی رێکاری پێویست لەماوەیەك کەلە (٦٠) شەست رۆژ تێپەر نەکات لە رێکەوتی کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بۆ قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بە سیمکارتی مۆبایلی بێ فۆرم و بەرایی بە هەموو جۆرەکانیەوە(SIMCARD,UIM,E-SIM) ٠

سێیەم: پێویستە لەمەودوا تەواوی زانیاریی کڕیارانی سیمکارت دیار بێت و لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەیوەندیی مۆبایل و ئینتەرنێت و بریکارەکانیان کە سیمکارتی کۆمپانیاکانی مۆبایل دەفرۆشن دەبێت ناسراو بن و بەڵێننامەش بدەن کە پابەندن بەجێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و لەکاتی سەرپێچیکردنیشیاندا ڕووبەڕووی رێکاری یاسایی و قەزایی دەبنەوە.

چوارەم: ڕاگرتنی ئەو سیمکارتانەی کە بێ فۆرم وبەرایین و مەرجەکانی هاتوو لەپەڕەوی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە لە خۆناگرن.

پێنجەم: وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەو پەڕەوە جێبەجێدەکەن و جێگەی هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵی دەگرنەوە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوەو لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاوەکرێتەوە

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە : ١٨٧١٩ لە ٢٠٢١/٩/١٩

لەژێر رۆشنایی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٦٣)ی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠٢١/٩/١ بە ژمارە (١١٠) لە ٢٠٢١/٩/١ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر و ئاماژە بە گەڵاڵەنامەی رێکخستنی تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی توێژاڵی سیمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) کە دەرچووە لە لایەن دەستەی راگەیاندن و گەیاندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ (CMC) و رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی. بڕیارماندا بە دەرچووواندنی رێنمایی رێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆشتنی توێژاڵی سیمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت):

رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١

رێنمایی رێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆشتنی توێژاڵی (الشريحة الالكترونية)

سیمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان

ماددەی (١): پێناسەکان

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان دیاریکراوە بەرامبەریان بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە.

١- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

٢- **لایەنی ئەمنی:** بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایشی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣- **مۆڵەتپێدراو:** بڕیتییە لە کۆمپانیاکانی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن کە رێگەپێدراون لە دەستەی (CMC) یان وەزارەتی گواستنەوە گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- **لیژنەی بەدواداچوون:** لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە لە گشت یەکە کارگێڕییەکان.

٥- **بریکار:** هەر کەسێک خاوەنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕ و ئامێری بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بۆ کاراکردنی توێژاڵەکان (سیم کارت) بەپێی رێککارە یاساییەکان لە مۆڵەتپێدراو و تۆمارکردنی لە وەزارەتی ناوخۆ.

٦- **بەشداربوو:** هەر کەسێک یان دامەزراوەی بازرگانی یان لایەنی حکومی یان نێودەوڵەتی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ گرێبەست ئەنجام دەدات لەگەڵ مۆڵەتپێدراو بە مەبەستی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بەپێی مۆڵەتەکەی.

٧- تۆمارکردن (بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی): بریتییە لە میکانیزمەکانی پەیڕەوکراو لە پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی گرێبەستەکان و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە بەشداربووان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی لە ڕێگای ئامادەبوونی کەسی دیاریکراو (بەشداربوو) لە شوێنەکانی فرۆشتن، و نووسینەوەی زانیارییەکانی بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بە لەخۆگرتنی (وێنەی کەسی، و پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی زیندوو، دیکۆمێنتەکان) و ڕێکخستنیان لە گرێبەستێک، یان لە ڕێگای گرێبەستکردنی لایەنی مۆڵەتپێدراو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکان یان داموودەزگاکان (گشتی و تایبەتی).

٨- گرێبەست: بریتییە لە گرێبەستێکی هاوبەش لەنێوان بەشداربوو و مۆڵەتپێدراو و کە بەشداربوو مافی پێدەدرێت بە بەکارهێنانی تۆڕی گەیاندن و خزمەتگوزارە پێشکەشکراوەکان لەلایەن مۆڵەتپێدراو، هەروەها بریتییە لە گرێبەستێکی ئەنجامدراو لە ڕێگەی پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی کە گشت زانیاری و داتاکانی بەشداربوو لەخۆ دەگرێت سەرباری مەرج و ڕێککارەکانی پەیوەست بە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی لە نێوان کۆمپانیا و بەشداربوو.

٩-تۆڕی سیم: سیم کارت SIM یان UIM و سیمی ئەلیکترۆنی E-SIM.

١٠-تۆڕی داتا Data: بریتییە لە تۆڕێکی زیرەک بۆ یەکەی ناسینی بەشداربوو کە هیچ ئاخافتنێک نە دەنێرێت، نە وەردەگرێت، تەنیا بۆ مەبەستی گواستنەوەی زانیارییەکان بەکاردەهێندرێت.

ماددەی (٢): مەبەست لەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە

مەبەست لە دەرچووانی ئەم ڕێنماییە بۆ ڕێکخستنی فرۆشتنی تۆڕی سیم و نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی تۆڕی بێ سەرەتا و بێ خاوەن بۆ ڕێگری کردنە لە خراپ بەکارهێنانی بۆ ئەنجامدانی تاوان و کاری هەڕەشەکردن و تۆقاندن و تیرۆریستی دەرهەق بە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی تاوانەکانی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

ماددەی (٣): پابەندییەکان

یەکەم: پابەندییە گشتییەکانی مۆڵەتپێدراو:

١- لایەنی بەرپرسیارە لە وردبینی کردنی گرێبەستەکە بەپێی ڕێککارەکانی ئەم ڕێنماییە و بەرپرسیارە لەبەرامبەر وەرگرتنی تۆمارکردنی بەشداربوو و کاراکردن یان وەستاندن یان هەڵپەساردنی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها بەرپرسیارە بەرامبەر یاسا لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی وردبینیکردنەکە.

٢- دەبێت پابەند بێت بە کاراکردنی تۆڕاڵەکان لە ڕێگای بریکار لە لایەن لایەنی ئەمنی ڕێگەپێدراوە، پێویستە بەر لە کاراکردنی تۆڕاڵەکە، گشت زانیارییەکانی بەشداربوو تۆمار بکرێت و بەدیکۆمێنت بکرێت (توثیق) بەپێی ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی کە هاتووە لەم ڕێنماییە، و کاراکردنی هەر تۆڕاڵێک بەدەر لە ڕێککارەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە قەدەغەیە لە گشت حاڵەتەکان لەلایەن مۆڵەتپێدراو یان بریکار.

٣- لە گشت حاڵەتەکان، مۆڵەتپێدراو پابەندە بە مامەڵەنەکردن و نەفرۆشتن و پێنەدانی تۆژاڵەکان بەو شوێن و نووسینگانەی کە ڕێگەپێدانیان نیە لەلایەنی ئەمنی، بە پێچەوانەوە مۆڵەپێدراو ڕووبەڕووی گشت بەدواداچوونە یاسایی و دارایییەکان دەبێتەوە لە حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی هەر تۆژاڵێک لەلایەن لایەنی ڕاسپێدراو بەپێی یاسا.

٤- هەڵسانی مۆڵەتپێدراو بە پابەندکردن و توانادارکردنی بریکارەکان بە کاراکردنی تۆژاڵەکان تەنیا بەپێی سیستەمی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی دیاریکراو لەم ڕێنماییە.

٥- هەڵسانی مۆڵەتپێدراو بە پێشکەشکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە بریکار و داواکارییەکانی پێدانی مۆڵەتی فەرمی بەلایەنە ئەمنییەکان وەکو (ناوی بازرگانی بریکارەکە، ناوی سیانی بریکار لەگەڵ ناوی دایکیان و دیکۆمێنتە سەلمێنەرەکان، ژمارەی تەلەفۆن، ژمارەی ئامێری کاراکردن لەگەڵ ژمارەی سیریاڵی ئامێرەکە –ئەگەر هەبێت-، ناونیشانی بریکار بەشێوەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ شوێنی تانوپۆی– احداثیات - ی بریکار، ئیمەیڵی بریکارەکە، مۆری بریکار کە زانیارییەکانی (ناوی شوێنەکە و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن) لەخۆ بگرێت،و دەبێت لەکاتی گۆڕین یان لەکارکەوتنی ئامێری کاراکردنەکە لایەنی ئەمنی ئاگادارببکرێتەوە.

٦- پابەندە بە تۆمارنەکردنی تۆژاڵەکان لەسەر ئەو هاوواڵاتییانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە تەمەنی یاسایی کە (١٨) ساڵ و هەروەها ئەوانەی شیانی یاساییان نییە.

٧- پابەندە بە پێدان و ئاگادارکردنەوەی لایەنی ئەمنی بە هۆی لینکێکی هونەری بۆ ئەوەی لایەنی ئەمنی بتوانێت بڕوانێتە گشت زانیارییەکانی مۆڵەتپێدراو تایبەت بە بەشداربووان لە چوارچێوەی ئەم ڕێنماییە وەکو (فرۆشتن و تۆمارکردنی تۆژاڵەکان بەپێی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی و میکانیزمی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان لە هەموو حاڵەتەکانی ڕەزامەندبوون و ڕەتکردنەوە و زانیارییەکانی بەشداربووان) بۆ گفتۆگۆکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و ماوەی جێبەجێکردنەکەی لە نێوان لایەنی ئەمنی و مۆڵەتپێدراو بەئامادەبوونی مۆڵەتپێدەر.

٨- پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی ئەمنی پێش دوو هەفتە لە هەڵسانی بریکار لەکاتی گۆڕینی شوێنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

٩- بەرپرسیارە بەپێی ئەم ڕێنماییەو لەکاتی بەدەستنەهێنانی (بریکارەکان) مۆڵەتی لایەنی ئەمنی، مامەڵەکردنی مۆڵەتپێدراو قەدەغەدەکرێت لەگەڵ (بریکارەکان).

١٠- پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ناوو ناونیشانی گشت بریکارەکان و بنکەکانی خزمەتگوزاری لەسەر پێگەئەلیکترۆنەکانیان و نوێکردنەوەیان بەبەردەوامی، سەرباری بڵاوکردنەوەی ریکلامی تایبەت بە میکانیزمی کاری بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی تایبەت بە ڕێکخستنی گرێبەستی تۆژاڵەکان.

١١- پابەندە بە پێدانی راپۆرتی تێروتەسەل هەموو مانگێک بە مۆڵەتپێدەرو لایەنی ئەمنی کە (ناوی گشت بریکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ناونیشانیان و هێلی پەیوەندیکردنی تایبەت) لەخۆ بگرێت و ئەم زانیارییانەش لەلایەن لایەنی ئەمنی دیاریدەکرێت.

١٢-پابەندە بە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی دیکە کە لەم رێنماییەدا هاتووە.

دووەم: پابەندییەکانی بریکار

١- مەرجە لەسەر بریکار کە مۆڵەتی فرۆشتن بەدەستبهێنن لە لایەنی ئەمنی بۆ فرۆشتنی تۆڕاڵەکان بۆ پیادەکردنی فرۆشتن بەپێی رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە و لایەنی ئەمنی مافی ئەوەی هەیە بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی لەکاتی سەرپێچیکردن لەلایەن بریکار.

٢- مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی تۆڕاڵەکان لەلایەن بریکار:

أ- بەدەستخستنی ئامێرەکانی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بۆ هەر مۆڵەتپێدراوێک.

ب-تۆمارکردنی لەلای مۆڵەتپێدراو.

ج- واژووکردنی گرێبەستێکی نووسینەکی نوێ لەلای لایەنی ئەمنی کە بەڵێن بدات بە پابەندبوونییان بەم رێنماییە و رێنماییە دەرچووەکان یان ئەوانەی لە داهاتوودا دەردەچن لەلایەن مۆڵەتپێدەر یان لایەنی ئەمنی بۆ فرۆشتن و مامەڵەپێکردنی تۆڕاڵەکان.

٣- دەبێت بریکار، لایەنی ئەمنی ئەوناوچەیە نوێیە ئاگادار بکاتەوە لە کاتی گۆڕینی شوێنی کارکردنیان.

٤- پابەندبوونی بریکار بە کاراکردنی تۆڕاڵەکان بەپێی میکانیزم و رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە و بەرپرسیاریەتی یاسایی هەڵدەگرن بەرامبەر هاوجووتی و یەکگرتنەوەی گرێبەستەکە لەگەڵ رێککارەکانی ئەم رێنماییە لە کاتی ماوەی ووردبینیکردن.

٥- نابێت بریکار گرێبەست بکات بۆ یەکێکی دیکە تەنیا بۆ خودی بەشداربوو نەبێت و نابێت کارا و گرێبەست بکرێت بە دیکۆمینتی کەسێکی دیکە تەنیا کەسی پەیوەندیدار نەبێت.

سێیەم: پابەندییە گشتییەکانی سەر لایەنی ئەمنی

١- پێدانی مۆڵەتی فرۆشتنی تۆڕاڵەکان، دەبێت مۆڵەتەکە یان رێگەپێدانەکە ئەم زانیارییانە لەخۆبگرێت (ناونیشانی وردی بریکارەکە و چوارچێوەی کارکردنی لە شوێنە جوگرافییەکەی – گوند، ناحیە، قەزا، قەزای ناوەند) واتا نابێت خاوەن مۆڵەت لە ناوچەیەکی دیاریکراو، کار بکات لە ناوچەیەکی دیکە بەڵام دەربارەی بریکارە سەرەکییەکان کە چوارچێوەی کارکردنیان فراوانترە لە ناوچەیەک یان پارێزگایەک، دەبێت چوارچێوەی کاریان بنووسن بۆ فرۆشتن و کاراکردنی تۆڕاڵەکان لەو ناوچە جوگرافییانەی کە کاری تێدا دەکەن کە لە مۆڵەتەکانیان دیاریکراوە.

٢- دیاریکردنی هەڵوێستنی ئەمنی بریکارەکە.

٣- لایەنی ئەمنی، مۆڵەتی فرۆشتنی تویژاڵەکان دەدات بە گشت بریکارەکان لە کاتی بەجێگەیاندنی گشت مەرجەکانی هاتوو لەم مادەیە، ئەم مۆڵەتە بۆماوەیەک کەمتر نەبێت لە یەک ساڵ پێیان دەدەرێت و لەخۆوە نوێدەکرێتەوە لەلایەن لایەنی ئەمنی یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە دیاری دەکرێت لەلایەن لایەنی ئەمنی بە راوێژ لەگەڵ مۆڵەتپێدەر و بەپێی پێویستی ئەمنی.

٤- لایەنی ئەمنی مافی ئەوەی هەیە کە هەر کاتێک یان لە هەر حاڵەتێک داوا لە مۆڵەتپێدراو بکات بە راگرتنی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بریکارێک و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، و لەسەر مۆڵەتپیدراوە راستەوخۆ جێبەجێی بکات و ئاگادارکردنەوەی دەستەی CMC و لەگەڵ پێشکەش کردنی هۆکارەکانی راگرتنەکە لە لایەن لایەنی ئەمنی ئەگەر بکرێت.

٥- لایەنی ئەمنی هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی مۆڵەتپێدراو بەشێوەی راپۆرتی فەرمی بەگشت سەرپێچییەکان و هەروەها مەودای پابەندبوونی مۆڵەتپیدراوەکان بەم رێنماییە (گەڵاڵەنامەیە).

چوارەم: تۆمارکردنی بەشداربوو و میکانیزمی بە بەڵگەکردنی ئەلیکترۆنی:

دوای ئەوەی بریکار مۆڵەتی پیادەکردنی فرۆشتنی تویژاڵەکان بەدەست دەهێنێت لەلای لایەنی ئەمنی بەپێی ماددەی سەرەوەی ئەم رێنماییە، تۆمارکردن دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- دەربارەی تویژاڵی ئاسایی و داتایی، پێویستە بفرۆشێت بە هاووڵاتیانی عێراقی و بیانی (خاوەن نشینگە)، ئەم گرێبەستەی کە دێتەکایەوە لە ئەنجامی پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی، بەلانی کەم دەبێت ئەمانەی خوارەوەی تێدا بێت:

أ- ناو و لۆگۆی مۆڵەتپێدراو و ژمارەی تویژاڵەکە.

ب- زانیارییەکانی بریکار یان نوێنەری فرۆش (ناو و ژمارەی تەلەفۆنی) سەرباری رێکەوتی رێکخستنی گرێبەستەکە و ناونیشان و ناوی شوێنی فرۆشتنەکە (ناوە بازرگانییەکەی).

ج- داتاکانی بەشداربوو: تۆمارکردنی داتاکانی بەشداربوو لە گرێبەستەکە بەم شێوەیە:

- ناوی تەواو و مێژووی لەدایکبوون و ناوی دایکی بەشداربوو.
- زانیارییەکانی ناسنامەی باری شارستانی (ژمارەی ناسنامە، ژمارەی تۆمار، ژمارەی لاپەڕە) یان زانیارییەکانی کارتی نیشتیمانی (ژمارەی نیشتیمانی-ژمارەی ناساندن) یان زانیارییەکانی مۆڵەتی شوفێری یان زانیارییەکانی پاسەپۆرت، کە لایەنی ئەمنی هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو خانانەی کە پێویستە بە زانیارییەکان پڕبکرێنەوە لە گرێبەستەکە.
- ناونیشانی بەشداربوو: ناونیشانی بە تەواوەتی (گەڕەک، کۆڵان، ماڵ)، ئەگەر بەشدابوو دانیشتووی لادێیەکان بوو ئەوا نزیکترین خاڵی ناسراو دیاریدەکرێت.
- ئیمێڵی بەشداربوو (ئەگەر هەبوو).
- د- بەدیکۆمێنتکردنی دیکۆمێنتەکانی بەشداربوو:
- (ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی یان مۆڵەتی لێخوڕین یان پاسەپۆرت) بە هەر دوو ڕووی ڕەنگاورەنگ.
- کارتی زانیاری یان فورمی خۆراک.

هـ- وێنەی بەشداربوو: پێویستە بەشێوەیەکی زیندوو و ڕەنگاوڕەنگ وەربگیرێت و پێویستە زۆر ڕوون بێت.

و- پەنجەمۆری بەشداربوو: پێویستە بەشێوەی دیجیتاڵی بێت و بەشێوەی وێنەیی نەبێت:

- پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی بەم ڕێگایە وەردەگیرێت: (پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی دەبێت تۆماربکرێت لە ڕێگای سووڕانی پەنجەکان بۆ ئەوەی گشت هێلە هێلکارییەکانی هەر پەنجەیەک دەربچێت).
- مۆڵەتپێدراو پابەندە بە پەیڕەوکردنی پەنجەمۆری ئەلیکترۆنی .
- پەنجەمۆری پەنجەی گەورەی دەستە چەپ وەردەگیرێت، ئەگەر نەتوانرا وەربگیرێت، ئەوا پەنجە مۆری دەستەڕاست وەردەگیرێت، ئەگەر نەتواندرا ئەویش وەربگیرێت ئەوا پەنجەمۆری پەنجەی شەهادەی دەستە چەپ (سبابة) وەردەگیرێت و ئەگەر نەتواندرا ئەوا پەنجەمۆری پەنجەی شەهادەی دەستە ڕاست وەردەگیرێت و .... هتد.
- مۆڵەتپێدراو بەرپرسیارە لە وشیارکردنەوەی نوێنەرانی فرۆش و بریکارەکان بە وەرگرتنی پەنجەمۆری سەرەوە سەرباری هەڵسانیان بە بەکارهێنانی ئامێرەکان بۆ وەرگرتنی پەنجەمۆر بە شێوەیەکی تەواو.

ز- دیکۆمێنتی نشینگەی بەرکار (کەسی ئاوارەو نیشتەجێ).

٢- دەربارەی تۆێژاڵی سەردانیکەران پێویستە تەنیا بفرۆشرێتە بیانییەکان نەک عێراقییەکان، گرێبەستەکەش لە پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی پێویستە بەلانی کەم ئەمانەی خوارەوە لە خۆبگرێت:

أ- هەمان زانیارییەکانی هاتوو لە بڕگەی (١/أ، ب، ج، ح)ی سەرەوە.

ب- زانیارییەکانی بەشداربوو: تۆمارکردنی زانیارییەکانی بەشداربوو لە گرێبەستەکە بەم شێوەیە دەبێت:

- ناو و مێژووی لەدایکبوونی بەشداربوو، (ناوی دایکیشی ئەگەر تواندرا).
- زانیارییەکانی پاسەپۆرت (ژمارەی پاسەپۆرت، ڕەگەزنامەی بەشداربوو)
- ناونیشانی بەشداربوو: شوێنی نیشتەجێبوونی یان نزیکترین خاڵ لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

ج- بەدیکۆمێنتکردنی دیکۆمێنتەکانی بەشداربوو:

- پاسەپۆرت (ڕەنگاوڕەنگ)
- کارتی نشینگە یان ڤیزەی هاتنەژوورەوە (ڕەنگاوڕەنگ) دەربارەی ئەوانەی بەشێوەیەکی کاتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

د- ماوەی کاراکردنی تۆێژاڵەکانی سەردانیکەران بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژە و دەکرێت نوێ بکرێتەوە بۆ یەک جار و بەهەمان ماوە.

هـ- مۆڵەتپێدراو دەتوانێت لە هەمانکاتدا تەنیا (٤) تۆژاڵ بفرۆشێت بە یەک بەشداربوو (سەردانیکەر) بەمەرجێک هەر تۆژاڵێک بە گرێبەستێکی سەربەخۆ تۆمار بکرێت، ڕێگا نادرێت ڕێگەپێدراو لە (٤) تۆژاڵ زیاتر تۆمار بکات لە سیستەمەکانی لەسەر ناوی یەک بەشداربوو تەنیا لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی کاراکردن و دووبارە پێدانەوە.

٣- دەربارەی ئەو تۆژاڵانەی دەفرۆشرێت بە کۆچبەران و پەنابەران، مۆڵەتپێدراو پابەند دەبێت بە تۆمارکردن بەپێی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دیکۆمێنتی UN (ماوە بەسەرنەچوو).

ب- دیکۆمێنتی خیوەتگا (ماوە بەسەرنەچوو).

ج- ناسنامە یان دیکۆمێنتی نشینگە کە دەردەچێت لە هەردوو وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵ و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

د- لەکاتی هەبوونی دیکۆمێنتەکانی پەنابەر پێویستی بە (پاسەپۆرت + دیکۆمێنتی نشینگەی ماوەبەسەرنەچوو) هەیە، دەربارەی عێراقییان پێویستی بە (بەڵگەنامەی سەلمێنەر) دەبێت.

٤- ڕێکەوتی کاراکردنی تۆژاڵەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە دادەندرێت بە ڕێکەوتی کڕین و ڕێکخستنی گرێبەستەکە نەک ڕێککەوتی یەکەم گفتوگۆی تەلەفۆنی نێوان هەر ڕێککارێکی دیکە کە بەشداربوو ئەنجامیدەدات.

٥- ڕێگا دەدرێت بە ڕێگەپێدراو بە فرۆشتنی تەنیا (٧) تۆژاڵی ئاسایی بۆ یەک بەشداربوو بەمەرجێک هەر تۆژاڵێک بە گرێبەستێکی سەربەخۆ تۆمار بکرێت، نابێت زیاتر لە (٧) تۆژاڵی ئاسایی تۆماربکات (کارا + ناکارا) لە سیستەمەکانی بۆ یەک بەشداربوو سەرباری فرۆشتنی (٣) تۆژاڵی (داتا) زیاتر نەبێت بە هەمان بەشداربوو و گرێبەستی جیاواز.

٦- دەربارەی ئەو تۆژاڵانەی کە بە شێوەی کۆ (جملة) دەفرۆشرێن بە دەزگا و کۆمپانیاکان لە (١٠ تاکو ٢٤٩) تۆژاڵ (ئاسایی و داتا)، پێویستە ڕێگەپێدراو پابەند بێت بەم ڕێککارانەی خوارەوە:

أ. گرێبەستی کڕین ڕێکدەخرێت بە ناوی ڕاسپێردراو (مخول) و بەپێی دەقنووسکراو لە مادەی (سێیەم/ چوارەم: **تۆمارکردنی بەشداربوو و میکانیزمی بە بەڵگەکردنی ئەلیکترۆنی**) ئەم ڕێنماییە سەرباری بەڵێننامە و نووسراوی ڕاسپاردن و زنجیرەی ژمارە فرۆشراوەکان.

ب. پێدانی بەراییەکانی دەزگاکە بە لایەنی ئەمنی (ناوی بەڕێوەبەری جێبەجێکار + بەڵگەنامە سەلمێنەرەکان + ناوی ڕاسپێردراو + ناونیشان+ نووسراوی ڕاسپاردن).

٧- دەربارەی ئەو تۆژاڵانەی کە بە شێوەی کۆ (جملة) دەفرۆشرێن بە دەزگا و کۆمپانیاکان لە (٢٥٠ و زیاتر) تۆژاڵ (ئاسایی و داتا)، پێویستە ڕێگەپێدراو پابەند بێت بەم ڕێککارانەی خوارەوە:

أ- وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی پێش فرۆشتنی بە دەزگا یان کۆمپانیاکە.

ب- پێدانی بەراییەکانی دەزگاکە بە لایەنی ئەمنی (ناوی بەڕێوەبەری جێبەجێکار + بەڵگەنامە سەلمێنەرەکان + ناوی راسپێردراو + ناونیشان+ نووسراوی راسپاردن)

ج- پێدانی بەراییەکانی کەسی راسپێردراو بە لایەنی ئەمنی، دەربارەی دامودەزگاکانی حکومەت.

د- لەکاتی گۆڕانی ناوی راسپێردراو یان بەڕێوەبەری کۆمپانیا، پێویستە مۆڵەتپێدراو ئاگاداری لایەنی ئەمنی بکاتەوە بەشێوەیەکی فەرمی.

هـ- پێدانی خشتەی زانیاری (لیست) بەلایەنی ئەمنی کە زنجیرەژمارەکانی تۆژاڵەکانی کە دابین کراوە بۆ دەزگاکە لەخۆبگرێت.

و- مۆڵەتپێدراو دەستەبەری ئەوە دەکات کە مەرجێک لە گرێبەستەکە دابنێت کە لەگەڵ دەزگاکە ئەنجامیدەدات بۆ بەدەستهێنانی تۆژاڵەکانی تەلەفۆن و بە دەق بنووسرێت (دەزگاکە یان کۆمپانیاکە دەستەبەری (یتکفل) دەکات بە پێدانی ناوی فەرمانبەران و ئەو ژمارەمۆبایلانەی بۆیان تەرخانکراوە بە شێوەی (لیست)، بەلایەنی ئەمنی.

ز- مۆڵەتپێدراو دەستەبەری ئەوە دەکات بە تەرخانکردنی تیمێک بۆ ناردنیان بۆ بارەگای دەزگاکە یان کۆمپانیاکە بۆ تۆمارکردنی تۆژاڵەکان بەپێی میکانیزمی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی و بەشێوەی سالانە.

٨- دەربارەی هێلەکانی دەزگاکان یان کۆمپانیاکان، کاتی خایاندنی کاراکردنی تۆژاڵەکە بەلانی کەم تەنیا یەک کاتژمێرە راستەوخۆ دوای ڕێکخستنی گرێبەستەکە دەبێت، و نابێت تۆژاڵەکە کارابکرێت بەر لە ڕێکخستنی گرێبەستەکە، یان بەپێی داواکاری ئەو دەزگایەی کە گرێبەستی لەگەڵدا دەکات.

٩- دەبێت کاراکردنی خزمەتگوزارییەکە بۆ بەشداربوو مەرجدار بێت بە گرێبەستکردنی راستەوخۆ (گرێبەستکردنی راستەوخۆ لە نێوان مۆڵەتپێدراو و بەشداربوو) لەکاتی فرۆشتنی راستەوخۆ بۆ بەشداربوو، و لە کاتی فرۆشتنیان بە دەزگاکان یان کۆمپانیاکان لە ڕێگای نووسراوی راسپاردن دەبێت.

١٠- ڕێکخستنی گرێبەستی تایبەت بە فرۆشتنی تۆژاڵە بەکارهاتووەکان لە ئامێرە تایبەتییەکانی خزمەتگوزارییەکان MII-FI و داتا و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی هاوشێوە کە پێویستی بە تۆژاڵ هەیە بۆ کارپێکردنی، بەپێی هاتووە لە ماددەی (سێیەم / چوارەم: **تۆمارکردنی بەشداربوو و میکانیزمی بە بەڵگەکردنی ئەلیکترۆنی**) ئەم ڕێنماییە و دەچێتە ژێربارێ مەرج و ڕێککارەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

١١- پێویستە لەسەر گشت بریکارەکان لەکاتی گرێبەستکردن پێویستە بە ئامادەبوونی خودی کەسی بەشداربوو بێت و بەرپرسیاری یاسایی تەواو هەڵدەگرن بەرامبەر وەرگرتنی پەنجە مۆر و وێنەی زیندوو و زانیارییەکان و دیکۆمێنتەکانی بەشداربوو بۆ هەمان کرێار و دەچێتە ژێربارێ یاسا لەبەرامبەر لایەنە ئەمنی و یاساییەکان لە وڵات لەکاتی ڕوودان و سەلماندنی سەرپێچی پێش کۆتاییهاتنی ماوەی وردبینیکردن کە هاتووە لەم ڕێنماییە.

١٢- میکانیزمی رادەستکردنی گرێبەستەکە بە بەشداربوو:

أ- مۆڵەتپێدراو پابەند دەبێت وێنەیەکی رەنگاورەنگ و پەسەندکراو لە گرێبەستی ئەنجامدراو بەهۆی پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بەشێوەی کڕینی راستەوخۆ لە بریکار، رادەستی بەشداربوو بکات یان نااردنی بەهۆی ئیمەیڵی ئەلیکترۆنی(ئەگەر هەبوو)، کە تێیدا گشت زانیارییەکانی (بریکار، مۆری تایبەت بە کۆمپانیاکە) لەخۆبگرێت.

ب- لەکاتێکدا نەتواندرا وێنەیەک لە گرێبەستەکە بەشێوەی راستەوخۆ رادەستی بەشداربوو بکرێت، ئەوا لەسەر مۆڵەتپێدراوە پسوولەیەکی رادەستکردنی رەنگاورەنگ کە لۆگۆی کۆمپانیاکەی لەسەر بێت رادەستی بەشداربوو بکات و ئەمانەی خوارەوەی تێدا بێت:

- ژمارەی تۆیژاڵەکە، ناوی سیانی و واژۆی بەشداربوو، ژمارەی ناسنامەی بەشداربوو.
- ناوی نوێنەری فرۆشەکان (مندوب المبیعات) یان بریکاری رێگەپێدراو
- ناو و واژوو و مۆری بریکار یان ناوی نوێنەری فرۆشەکان.
- رێکەوتی فرۆشتنی تۆیژاڵەکە.
- مۆڵەتپێدراو بەڵێندەدات بە ئاسانکاریکردن گشت رێوشوێنەکانی پێویست بۆئەوەی بەشداربوو وێنەیەکی رەنگاورەنگ و پەسەنکراوی گرێبەستەکە بەدەستبهێنێت، بەپێی ئەوەی کە دیاریکراوە لەسەرەوە لەکاتی سەردانیکردنی یەکێک لە بنکە سەرەکییەکان.

ج- مۆڵەتپێدراو پابەند دەبێت بە رادەستکردنی وێنەیەکی پەسەندکراوی گرێبەستە بە بەشداربوو لە یەکێک لە بنکە سەرەکییەکان پاش ماوەیەک کە لە ١٠ رۆژ تێپەڕ نەکات لە رێکەوتی کڕینی تۆیژاڵەکە.

د- لە هەموو حاڵەتەکان، پسوولەی رادەستکردن جێگرەوەی گرێبەستەکە نییە و دەبێت بەشداربوو ئاگادار بکرێتەوە لەم بابەتە.

هـ- مۆڵەتپێدراو تەواو پابەند دەبێت بە پێدانی (گرێبەستی ئەنجامدراو بەهۆی پرۆسەی بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی لە دوای کاراکردنی تۆیژاڵەکە بەشێوەیەکی روون و رەنگاورەنگ و پەسەندکراو لەلایەن کۆمپانیاکە) بە لایەنە دادوەرییەکان لەکاتی داواکردنی، کە تێیدا گشت زانیاریی و داتاکانی هاتوو لەم رێنماییە لەخۆبگرێت، بە پێچەوانەوە کۆمپانیاکە بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم لایەنە تایبەتمەندەکان، دەربارەی گرییەستە رەتکراوەکان لەلایەن مۆڵەتپێدراو پێویستە بدرێتە لایەنە ئەمنییەکان یان لایەنە دادوەرییەکان لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیان بە رەتکردنەوەی گرێبەستەکە بەهۆی سەرپێچیکردن لە رێککارەکانی ئەم رێنماییە و ئاشکرا کردنی هۆکاری رەتکردنەوەکە (ئەگەر تواندرا).

١٣- لەگشت حاڵەتەکان نابێت بریکار هەڵبستێت بە کاراکردنی هەر تۆیژاڵێک لە رێگەی ئامێرەکانی بەدیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی تایبەت بە بریکارێکی دیکە، لەسەر مۆڵەتپێدراوە پابەندبێت بە تەرخانکردنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕی جیاواز و دیاریکردنی ژمارەی تەلەفۆنی بریکار، سەرباری هەڵنەگرتنی زانیارییەکان یان دیکۆمێنتەکانی هەر بەشدار بوویەک لەلایەن بریکار لە دوای نااردنی گرێبەستەکە بۆ مۆڵەتپێدراو.

١٤- مۆڵەتپێدراو پابەندە لە رێگای مۆڵەتپێدەرەوە بە پێشکەشکردنی راپۆرتێکی مانگانە (پاش ١٠ رۆژ لە کۆتایی هەر مانگێک) بە لایەنی ئەمنی و بەشێوەیەکی فەرمی کە تێیدا گشت ژمارە فرۆشراوەکان و گرێبەستە ئەلیکترۆنەکانیان لەخۆبگرێت بە شێوەیەکی تێروتەسەل، سەرباری گرێبەستە رەتکراوەکان.

ماددەی (٤): رێککارەکانی تۆمارکردن و مەرجەکان و هەڵوەشانەوەی بریکار

یەکەم: رێککارەکانی تۆمارکردنی بریکار بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ب.کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەتپێدان و ئەم دیکۆمێنتانە لە لەخۆبگرێت و هاوپێچ بکرێت:

أ- نووسراوێکی فەرمی لەلایەن مۆڵەتپێدراو کە بیسەلمێنی کە بە فەرمی رێگەپێدراوە بە فرۆشتنی تویژاڵی سیم، هاوپێچی داواکاری بڕگە/١ی سەرەوە بکرێت.

ب- بەڵگەنامە سەلمێنەرەکان (کارتی زانیاری، کارتی نیشتیمانی یان ناسنامەی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراقی و هەر دیکۆمێنتێکی سەلمێنەری دیکە) هاوپێچی داواکاری بڕگە(١)ی سەرەوە بکرێت.

٢- نوێکردنەوەی ساڵانەی رێگەپێدان بەپێی خاڵی (١)ی سەرەوە دەبێت.

دووەم: مەرجەکان بوون بە بریکار

١- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و لە دایک و باوکێکی عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت بەپێی بەڵگەنامەی کارتی زانیاری.

٢- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (١٨) ساڵ لە کاتی داواکاری بوون بە بریکار.

٣- خاوەن خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی بەرزو باش بێت.

٤- تاوانبار نەکرابێت بە هیچ تاوان و کەتنێک و حوکم نەدرا بێت بەپێشکەش کردنی بەڵگەنامەی (عدم محکومیه) لە بەرێوەبەرایەتی بەڵگەکانی تاوان.

سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی رێگەپێدانی بریکار

١- وازهێنانی بە ئارەزووی خۆی لە رێگای پێشکەش کردنی داواکارییەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

٢- کۆچی دوایی کردنی یان نەخۆشکەوتنی کە کە بە هۆیەوە نەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی.

٣- بەجێ هێشتنی کارەکەی بەبێ هیچ هۆیەک بۆ ماوەی (٣٠) رۆژی بەردەوام .

٤- پابەندکردنی بە وازهێنانی کارەکەی بەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ- مانەوەی لەکارەکەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت بەپێی لێکۆڵینەوە و بەڵگەی پێویست.

ب- دەرچوونی حوکمێک بەرامبەری لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانێکی ئابرووبەر .

ج- پابەندنەبوون بە رێککارەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

ماددەی (٥): لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون لە هەر ناحیە و قەزایەک و چەند لیژنەیەک لە پارێزگان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم لە نوێنەرانی (پۆلیس و ئاسایش و نوێنەری وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن لە یەکەی کارگێڕی، ئەگەر نوێنەری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە یەکە کارگێڕییەکە نەبوو ئەوا نوێنەرێکی یەکە کارگێڕییەکە دادەندرێت) بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە و وابەستەی (سەربە) ئاسایش دەبن.

٢- دەسەڵات و ئەرک و پابەندییەکانی ئەم لیژنانە بەپێی دەقنووسکراو لەم ڕێنماییە دەبێت.

٣- دابینکردنی هەر پێداویستییەک لە هەبووەکان و میلاک بۆ ئەم لیژنە بەردەوامە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایشی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بەپێی پێویستی لیژنەکان

٤- پێویستە لەسەر مۆڵەتپێدراو لیستێکی (هەروەها ئەپدەیتکراو) بەناو و ناونیشان و ژمارە مۆبایلی گشت بریکار کە ڕێگەپێدراون بە فرۆشتنی تۆپژاڵەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بدات بە لیژنەی بڕگە ١ی سەرەوە لە هەر یەکەیەکی کارگێڕی، هەروەها لەکاتی نوێکردنەوەی لیستەکان بەبەردەوامی وپێدانیان.

٥- کاری ئەم لیژنەیە بریتییە لە بەدواداچوون و پشکنینی هەر شوێنێکی کڕین و فرۆشتنی تۆپژاڵی لێدەکرێت بە ڕێگەپێدراوان و ڕێگەپێنەدراوانی فرۆشتنی تۆپژاڵی سیم.

٦- لیژنە بۆی هەیە بە هەڵوەشاندنەوەی هەر بریکارێک و ڕێگەپێدراوێک یان داخستنییان کە سەرپێچی ئەم ڕێنماییە بکات بۆ ماوەی هەفتەیەک و لەکاتی دووبارەکردنەوەی لە ماوەی (٣) مانگ، بۆ ماوەی (١)مانگ دادەخرێت و پێبژاردن پێ دەکرێت بە پێی پێبژاردنەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە و تا سەرپێچییەکان چارەسەر نەکات ڕێگای پێنادرێت دەست بەکار بکاتەوە.

٧- لیژنە بۆی هەیە بە داخستنی هەر شوێنێک کە ڕێگەپێدراو نەبێت بە فرۆشتنی تۆپژاڵەکان و دەستبەسەرداگرتنی گشت کەلوپەلەکانی تۆمارکردن و شوێنەکە.

٨- لیژنە بۆی هەیە بە ڕەوانەکردنی سەرپێچیکاران لەکاتی تۆمارکردنی تۆپژاڵەکان بە دیکۆمێنتی ساختە یان کەسێکی دیکە لە جیاتی بەشداربوویەکی دیکە بۆ دادگای تایبەتمەند.

ماددەی (٦): ئەحکامە داراییەکان

یەکەم: ڕسومات

١- بڕی (ڕسومات)ی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێک لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت.

٢- بڕی (ڕسومات)ی (٤٠٠,٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی سالانەی تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێک لە وەزارەتی ناوخۆ.

دووەم: پێبژاردنەکان (غرامات)

پێبژاردنی بریکار بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی بۆ هەر تۆژاڵێک لەکاتی پابەندنەبوونیان بە جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەم ڕێنماییە.

سێیەم: ئەو رسومات و پێبژاردنانەی برگە(یەکەم و دووەم)ی سەرەوە دەخرێتە سەر ئەژمێرێکی بانکی تایبەت بە ناوی وەزارەتی ناوخۆ و بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

أ- (١٠٪) بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکان کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

ب- (١٠٪) بۆ وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن لە لایەن وەزیری گواستنەوە و گەیاندن خەرج دەکرێت.

ج- (٣٠ ٪) بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ بۆ پەرەپێدانی فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ خەرج دەکرێت.

د- (٥٠٪) بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

ئەحکامە کۆتاییەکان

ماددەی (٧):

یەکەم: بەهیچ شێوەیەک نابێت تۆژاڵی سیمی ئەلیکترۆنی بفرۆشێت تەنیا لەلایەن بریکار و ڕێگەپێدراو لەلایەن مۆلەتپێدراو.

دووەم: ڕاگرتنی گشت تۆژاڵە کارکراوو کارانەکراو کە لە بازاڕەکان دەفرۆشرێن بەبێ هەبوونی ڕێگەپێدان بە فرۆشنیان لەلایەن مۆڵەتپێدراو.

سێیەم: ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ دەدرێت بەو هاوڵاتیانەی کە تۆژاڵەکانیان بە ناوی خۆیان نیە سەردانی بنکەکانی تۆمارکردن بکەن بۆ تۆمارکردنی بە ناوی خۆیان و دوای تێپەربوونی ئەو ماوەیە خزمەتگوزارییەکان ڕادەگیرێت.

ماددەی (٨):

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

ژمارە : ١٤٨٨٣ لە ٢٠٢١/١٠/٦

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٢) لە پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی (١): وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون بە هەماهەنگی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەزارەت ساڵانە لە سەرەتای مانگی ئەیلول ئەم زانیارییانەی خوارەوە ئامادە دەکات و دەینێرێت بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت بڵاوی دەکاتەوە:

یەکەم: لیستی ئەو پسپۆرییانە و ژمارەی کورسییەکان کە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەرن بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا، کە لەلایەن فەرمانگەی تۆێژینەوە و پەرەپێدان ئامادە دەکرێت.

دووەم: لیستی زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراون، لەگەڵ لیستی ئەو سکۆلەر شیپانەی زانکۆکانی دەرەوەی وڵات ئەگەر بەردەست بوون.

سێیەم: ڕێنماییەکانی یەکسانکردنی بڕوانامەکان.

چوارەم: پەیڕە و ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن.

ماددەی (٢):

یەکەم: سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی فۆرمی ژمارە (١)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییە پێداویستییەکانی خۆیان لە (پسپۆری، ژمارەی کورسییەکانی خوێندن، جۆری بڕوانامە، و بابەتی تۆێژینەوەی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا) دەنێرن بۆ وەزارەتی پلاندانان، دواکات بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکان بریتییە لە کۆتایی مانگی (کانونی یەکەم)ی هەموو ساڵێک دەبێت.

دووەم: وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، ساڵانە پلانێکی ناوەندی بۆ ژمارەی کورسییەکانی خوێندن و پسپۆرییەکان و جۆری بڕوانامەکان بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئامادە دەکەن، نابێت لە دەرەوەی ئەم پلانە مۆڵەتی خوێندن بدرێت، جگە لەو زەماڵە فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن و وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی ڕایانەدەگەیەنێت، یان ئەو زەماڵە فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن یان ڕادەگەیەنرێن، و باوەڕپێکراون لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی.

سێیەم: ئەو پلانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، لە ماوەیەک کە سااڵنە لە کۆتایی مانگی (ئادار) تێپەڕ نەکات، سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەتی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

چوارەم: بۆ خوێندنی دەرەوەی وڵات، وەزارەتی پلاندانان ناو و ژمارەی ئەو فەرمانبەرانە دەداتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی کە لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی مۆڵەتی خوێندنا سەرکەوتوو بوون، لە ماوەیەکدا کە سااڵنە لە کۆتایی مانگی (حوزەیران) تێپەڕنەکات، بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی دۆسێی خوێندنیان بۆ بکاتەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ڕێکاری پێدانی مۆڵەتی خوێندنیان بۆ ئەنجام بدەن بەپێی ئەم ڕێنماییە.

پێنجەم: بۆ خوێندن لە ناوەوەی وڵات، تەنها پێدانی الرینەبوونی لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێی وەرگرتن لە چوارچێوەی پلانی پەسەندکراو و ئەگەر لەحاڵەتێکدا زیاتر لە کاندیدێک لە پێشبڕکێی وەرگرتن دەرچوو ئەوا بەپێی ڕێزبەندی خاڵی بەدەستهاتوو لە پێشبڕکێی وەرگرتن کە لە زانکۆکان ئەنجام ئەدرێت، تەنها ئەوانە مۆڵەتی خوێندنیان پێ دەدرێت کە دەکەونە چوارچێوەی پلانی پەسەندکراو و ئەوانیتر مۆڵەتەیان پێ نادرێت.

ماددەی (٣):

یەکەم: بەفەرمانی وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت، لیژنەیەکی ناوەندی بەناوی (لیژنەی مۆڵەتی خوێندن) پێک دێت، بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت یان ئەوانەی هاوتای ئەو پلەیەن لەو دەستە و دەزگایانەی کە بەڕێوەبەری گشتییان نیە، لەگەڵ دوو ئەندام کە پلەی وەزیفییان لە بەڕێوەبەر یان هاوتای ئەو پلەیە کەمتر نەبێت و یەکێکییان بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری یاسا، جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی کە پێویستە سەرجەم سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

دووەم: ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، ووردبینی ئەو داواکارییانە دەکات کە لەلایەن فەرمانبەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لە پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئەم ڕێنماییە دیاری کراون بە ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی کە لە ماددەی (٥)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە، دواتر ئەم لیژنەیە ڕاسپاردەکانی بە کۆنووسێک بۆ وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت بەرزدەکاتەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی.

سێیەم: بە فەرمانی وەزیری خوێندنی باڵا و تـوێژینەوەی زانستی لیژنەیەکـی هـاوبەش لە نێـوان وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی و وەزارەتـی پلانـدانان پێکـدەهێنرێت، بەسـەرۆکایەتی فەرمانبەرێـک لە وەزارەتـی خوێندنی باڵا و تـوێژینەوەی زانستی کە پـلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بۆ ووردبینیکردنی ئەو تانانەی کەلەسەر ئەنجامی پەسەندکراوی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە پێشکەش دەکرێن.

ماددەی (٤): وەزیـری پەیوەندیـدار یـان سـەرۆکی لایەنـی نەبەسـتراو بەوەزارەت مـۆڵەتی خوێنـدن لە نـاوەوە یـان دەرەوەی وڵات دەدات بە فەرمـانبەر بە مـووچە و دەرمـاڵە جێگیرەکـان بەپێـی یاسـا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، بەم مەرجانەی خوارەوە:

یەکەم: دەبێت پلەی وەزیفی فەرمانبەر، لە پلە یەک و خوارتر بێت بەپێـی خشـتەی کـارپێکراوی پـلەی وەزیفی و مووچە، کە لە پاشکۆی یاسای مووچەی فەرمـانبەرانی دەوڵەت و کەرتـی گشـتی ژمـارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)دا ئاماژەی پێکراوە.

دووەم: وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان، ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکـان، و سـەرۆکی یەکە کارگێڕییەکـان، و سـەرجەم فەرمـانبەرانی خـاوەن پـلەی (بـاڵا/أ) و پـلەی (بـاڵا/ب)، تـا لەو پلەیەدان نـاتوانن داوای مـۆڵەتی خوێنـدن بـکەن، ئەگەر درێـژە بە خوێنـدن بـدەن بڕوانامەکانیـان یەکسان ناکرێت و هـیچ مـاف و ئیمتیازاتێکیـان پێنادرێـت، حوکمەکـانی ئەم بـڕگەیە حاڵەتەکـانی پێش بەرکاربوونی پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمـارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ ناگرێتەوە.

سێیەم: فەرمـانبەر دەبێـت بڕوانـامەی لە زانکـۆ یـان دامەزراوەیەک وەرگرتبێـت کە لەلایەن وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی بـاوەڕپێکراو بێـت و ڕاسـتاندن یـان یەکسـانکردن بـۆ بڕوانامەکەیان کرابێت، و دەبێت بڕوانامە و پسپۆری خوێنـدنی فەرمـانبەر پەیوەنـدی بە پسـپۆری بڕوانـامەی خوێنـدن و کـاری فەرمـانبەرەوە هەبێـت، فەرمانگەکەشـی پێویسـتی بەم بڕوانـامە و پسپۆرییە هەبێت.

چوارەم: فەرمانبەر دەبێت لە ڕۆژی داواکردنی مۆڵەتی خوێندن (٢) دوو ساڵ خزمەتی کردەکـی لە ڕاژە تەواوکردبێت پاش وەرگرتنـی دوایـین بڕوانـامەی پەسـەندکراوی. لە حاڵەتێکـدا ئەگەر فەرمـانبەر هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بوو، ئەوا بۆ خوێندنی ماسـتەر مـاوەی (٢) ساڵ خزمەتی کردەکی لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بۆ ئەژمار دەکرێت.

پێنجەم: فەرمانبەر دەبێت نووسراوی وەرگرتن (قبول)ی لە یەکێک لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تـوێژینەوەی زانستی بەدەستهێنابێت.

شەشـەم: فەرمـانبەر ناتوانێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس داوای مـۆڵەتی خوێنـدن لەدەرەوەی عێراق بکات.

مـاددەی (٥)**:** بنەماکـانی پێشـبڕکێ بەپێـی سیسـتەمی خاڵبەنـدی دەبێـت لە سـەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، بەم شێوەی خوارەوە بێت:

ژ	خوێندنی دبلۆمی باڵا و ماستەر	ڕێژە	خوێندنی دکتۆرا	ڕێژە
١.	تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس	٣٠٪	تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس	٢٠٪
٢.	ڕیزبەندی دەرچوون (بەکالۆریۆس)	٣٥٪	ڕیزبەندی دەرچوون (بەکالۆریۆس)	١٥٪
٣.	ساڵانی خزمەت دوای بەکالۆریۆس	١٠٪	ساڵانی خزمەت دوای بەکالۆریۆس	١٠٪
٤.	تەمەن	٥٪	تەمەن	٥٪
٥.	توانستی زمانی ئینگلیزی	١٠٪	توانستی زمانی ئینگلیزی	١٠٪
٦.	چاوپێکەوتن	١٠٪	چاوپێکەوتن	١٠٪
٧.			تێکڕای نمرەی بڕوانامەی ماستەر	٢٠٪
٨.			توێژینەوەی زانستی (باڵاوکراوە)	١٠٪
	کۆی گشتی خاڵەکان	١٠٠٪	کۆی گشتی خاڵەکان	١٠٠٪

یەکەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی تێکڕای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بۆ خوێندنی ماستەر تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس جارانی (0.3) دەکرێت و بۆ خوێندنی دکتۆرا تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس جارانی (0.2) دەکرێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانبەر هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بوو ئەوا نمرەی هەموارکراو لە بری نمرەی بەکالۆریۆس بەکاردەهێنرێت، نمرەی هەموارکراو بریتییە لە ڕێژەی (٦٠٪) بۆ بەکالۆریۆس و ڕێژەی (٤٠٪) بۆ دبلۆمی باڵا.

دووەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی ڕیزبەندی دەرچوونی بەکالۆریۆس، ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە {(کۆی ژمارەی دەرچووان – ژمارەی دەرچوانی پێش کاندید/ کۆی ژمارەی دەرچووان)} بۆ خوێندنی ماستەر جارانی (٣٥) دەکرێت و بۆ خوێندنی دکتۆرا جارانی (١٥) دەکرێت.

سێیەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی ساڵانی خزمەت، لە هەردوو خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بۆ هەر ساڵێکی خزمەت (١) خاڵ وەردەگرێت تاکو (١٠) ساڵ خزمەت، لەسەرووی ئەمەوە هیچ خاڵی زیاتر وەرناگرێت.

چوارەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی تەمەن، بۆ خوێندنی ماستەر تاکو تەمەنی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ (٥) پێنج خاڵی تەواو وەردەگرێت و لە دوای بیست و پێنج ساڵیەوە بۆ هەر ساڵێکی زیاتری تەمەن نیو نمرە (0.5) دائەبەزێت و لە تەمەنی (٣٥) سی و پێنج ساڵ و بەسەرەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت. بۆ خوێندنی دکتۆرا تاکو تەمەنی (٣٠) سی ساڵ (٥) پێنج خاڵی تەواو وەردەگرێت و لە دوای تەمەنی سی ساڵیەوە بۆ هەر ساڵێکی زیاتری تەمەن نیو نمرە (0.5) دائەبەزێت و لە تەمەنی (٤٠) چڵ ساڵ و بەسەرەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت.

پێنجەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێ ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت:

خاڵ لە (10)	تاقیکردنەوەی IELTS	تاقیکردنەوەی TOEFL iBT	تاقیکردنەوەی TOEFL PBT	تاقیکردنەوەی PEARSON Academic (PTE)
5	5	59	414	52
6	5.5	66	467	59
7	6	73	497	67
7.5	6.5	80	550	70
8	7	88	596	74
8.5	7.5	96	630	78
9	8	104	634	82
9.5	8.5	112	660	86
10	9	120	677	90

شەشەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی تێکڕای نمرەی بڕوانامەی ماستەر، بۆ خوێندنی دکتۆرا تێکڕای نمرەی ماستەر جارانی (0.2) دەکرێت.

حەوتەم: ئەژمارکردنی ڕێژەی تۆڕێنەوەی زانستی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانستی باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆڕێنەوەی زانستی، بۆ خوێندنی دکتۆرا بۆ هەر تۆڕێنەوەیەکی بڵاوکراوە (١) خاڵ وەردەگرێت تاکو (١٠) تۆڕێنەوەی بڵاوکراوە، لەسەرووی ئەمەوە هیچ خاڵی زیاتر وەرناگرێت.

هەشتەم: لەلایەن لیژنەی مۆڵەتی خوێندن کە لە ماددەی (٣)ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرێت بۆ پێشکەشکاران لە (١٠) نمرە، و دەکرێت لیژنەی لاوەکی پسپۆر پێکبهێنرێت لە حاڵەتێک ئەگەر ژمارەی پێشکەشکارەکان زۆر بوون.

ماددەی (٦): ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت دەبێت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

یەکەم: پابەندبوون بە بەڵێننامە و گرێبەستی تایبەت بە مۆڵەتی خوێندن بەپێی فۆرمەکانی ژمارە (٢) بۆ بەڵێننامە و ژمارە (٣) بۆ گرێبەست، کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەن.

دووەم: مەرج نییە پابەندیی خزمەتکردن لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەمان ئەو فەرمانگەیە بێت کە لەسەرەتادا مۆڵەتی خوێندنەکەی لێ وەرگرتووە، بەڵکو بەپێی پێویستی سوود لە ڕاژەکەی وەردەگیرێت لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق. فەرمانبەر لەکاتی گواستنەوەی ڕاژەکەی بۆ فەرمانگەیەکی تر، سەرجەم پابەندییەکانی کە بەپێی بەڵێننامە و گرێبەست لەسەریەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو فەرمانگەیەی کە گواستنەوەکەی بۆ دەکرێت و هەر ئەو فەرمانگەیەش بەرپرسە لە جێبەجێکردنی تەواوی بڕگەکانی بەڵێننامە و گرێبەستی فەرمانبەرەکە، نابێت گواستنەوەی ڕاژە لەم حاڵەتەدا لەسەر داوای فەرمانبەرەکە بێت.

سێیەم: پێشکەشکردنی دەستەبەرێکی دارایی کە بڕەکەی لانی کەم بارتەقای تێچووی خوێندن و ئەو دەرماڵە و خەرجییانە بێت کە لەماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی وەریدەگرێت، بەپێی فۆرمی ژمارە (٤) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

چوارەم: لە ئەستۆگرتنی هەموو ئەو تێچووە دارایییانەی کە لەماوەی خوێندنەکەیدا بۆی خەرجکراوە، بە مووچەی مانگانەشەوە لە حاڵەتی سەرنەکەوتن، جگە لە حاڵەتەکانی سەرنەکەوتن بەهۆی نەخۆشییەوە کە ڕێگربێت لەبەردەوامبوون لە خوێندن بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆرەوە لە هەرێمی کوردستان، و یان بەهۆی ئەو حاڵەتە کتوپڕانەی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامبوونی خوێندن.

ماددەی (٧):

یەکەم: وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت، دەتوانێت مۆڵەتی خوێندنی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە لەکاتی پێویستدا و پاڵپشت بە پشتگیری دامەزراوەی خوێندنی فەرمانبەر، بەمەرجێک فەرمانبەر پێش کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی داواکاری پێشکەش بکات، و درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- درێژکردنەوەی یەکەم بۆ ماوەیەک دەبێت کە لە (٦) شەش مانگ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندن دەستپێدەکات، بەمووچەی بنەڕەتی ودەرماڵە جێگیرەکان دەبێت

٢- درێژکردنەوەی دووەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی یەکەم دەستپێدەکات، بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت.

٣- درێژکردنەوەی سێیەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی دووەم دەستپێدەکات، بەبێ مووچە و دەرماڵە دەبێت.

دووەم: هەر فەرمانبەرێکی مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی و ئەو درێژکردنەوانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، خوێندنەکەی تەواو نەکردبێت و بڕوانامەکەی بەدەست نەهێنابێت، ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەنرێت بە ڕەچاوکردنی حاڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٦)ی ئەم ڕێنماییە و ماوەی خوێندنەکەی بە مۆڵەتی بێ مووچە ئەژمار دەکرێت.

ماددەی (٨): فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات ماوەی پێویستی پێ دەدرێت بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکە، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی ماوەی (٦) شەش مانگ، و دەکرێت (٣) سێ مانگی دیکەی بۆ درێژبکرێتەوە.

دووەم: بۆ خوێندنی زمانەکانی دیکە ماوەی (١) یاک ساڵ، بەبێ ئەوەی مافی درێژکردنەوەی هەبێت.

سێیەم: فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن، ماوەی فێربوونی زمانی پێ نادرێت ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات، یان ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بە زمانی ئەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات.

چوارەم: ئەو زانکۆ و دامەزراوانەی خوێندنی باڵا کە فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن ناچار دەکەن بە خوێندنی زمان، لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە دەبەخشرێن.

ماددەی (٩): ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو لە وڵاتی خوێندن نابێت پچڕپچڕ بێت.

دووەم: بۆ خوێندنی ماستەر ماوەی مانەوە لە (١) یەک ساڵی ئەکادیمی کەمتر نەبێت.

سێیەم: بۆ خوێندنی دکتۆرا ماوەی مانەوە لە (٢) دوو ساڵی ئەکادیمی کەمتر نەبێت.

ماددەی (١٠): ئەو فەرمانبەرانەی کە پێش جێبەجێکردنی پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ لە کاتی مۆڵەتی هاوەڵی هاوسەر بڕوانامەیان بەدەستهێناوە و فەرمانگەکەی پێویستی بە بڕوانامەکەیەتی، ئەوا بۆ مەبەستی ئەژمارکردنی بڕوانامەکەی پێویستە بە نووسراوی فەرمی لەلایەن وەزارەتەکەی یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی بکرێت، تاکو لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی پەسەند بکرێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

یەکەم: بڕوانامەکانیان لەو زانکۆیانە بەدەست هێنابێت کە لەلایەن وەزارتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی دانپێنراوە و هەموو مەرجەکانی دیکەی بەدەستهێنانی بڕوانامە و ڕاستاندن و یەکسانکردنی بڕوانامەی تێدابێت.

دووەم: پێویستە بڕوانامەکەی لەهەمان پسپۆری بێت، و لەکاتی دیاریکراوی مۆڵەتی هاوسەری خوێندنی تەواوکردبێت و بڕوانامەکەی بەدەستهێنابێت.

سێیەم: هیچ پابەندبوونێکی دارایی لەسەر حکومەت دروست نەکات تایبەت بە ماوەی تەواوکردنی خوێندنەکەی.

چوارەم: پابەند بێت بە خزمەتکردن لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتەکەی یان لایەنی پەیوەندیدار بۆی دیار دەکات بەپێی پێداویستی و پسپۆری و ڕاژەکەی.

پێنجەم: لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی وەزاری تایبەت بە پەسەندکردنی بڕوانامەکەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی دەردەچێت، بڕوانامەکەی ئەژمار دەکرێت.

ماددەی (١١): کار بەهیچ ڕێنمایی وبڕیار و گشتاندنێک ناکرێت کەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت

ماددەی (١٢): ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

د. ئارام محمد قادر

وەزیری خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی

فۆرمی ژمارە (١)

پێداویستی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن
وەزارەت / لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت ( )

ژ	جۆری بڕوانامە	پسپۆری	ژمارەی کورسی خوێندن	بابەت/ بواری توێژینەوە
١				
٢				

مۆرو واژووی
وەزیری پەیوەندیدار/ سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت

فۆرمی ژمارە (٢)

بەڵێنامەی قوتابی / خوێندکار

